# هەڵخزانی زمان و گێڕانەوە بۆ ناو تێکست

خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆکی ( پێداچونەوەی چیرۆکێکی کۆن ) ی کاروان عومەر کاکە سور

**توانا ئەمین**

**هەڵبەتە خۆدان لەقەرەی چیرۆك مرۆڤ دەخاتە ناو توناوتون و ڕێگومکەیەك کە ئەگەر دەلیلێکی باشی چیرۆکناسیت نەبێت ئەوا بە کۆتاییەکی سەرگێژکەردا رادەبوری و هیچێکی وا جێناهێڵێت ،چیرۆك هاتەکایەوە بۆ ئەوەی قاڵمانکات جارێکی کە بەرابردوو دا پەلکێشمانکات روداوەهایەك لەیادەوەریدا زیندوکاتەوە کە رەنگە ئەم زیندوکردنەوەیە جگە لەئاسودەگییەکی رۆحی مۆتیڤێکی باشی ژیان کردنی ئێمە بێت لەداهاتوودا.**

**چیرۆك و رۆمان وەکو دوو ژانری ئەدەب پەیوەندیەکی دیالیکتیکیان لەگەڵ زانستی کومەڵناسیی هەیە تادەگات بەو ەی رەخنەگرێکی چیرۆکی وەك میشێل زراخا بڵێت (چیرۆکنوس کۆمەڵ ناسە لە واقیعدا ،کۆمەڵناسێکی زەینییە ) هەر ئەم دوو ژانرە لەسەردەمێکداو بەئێستاشەوە کەناڵێکی راستگۆی گێرانەوەی مێژوو بوون لەنەوەی ربردووە بۆ نەوەی نوێ ،ئیشەکانی گۆنتەرگراس و هەمەنگوای ئیلیش ماری ڕیمارك نمونەیەکی باشی ئەو راستیەن،ئەمە بەتەنیشت ئەوەوە چیرۆك ورۆمان سەردەمانێك دەستێکی باڵایان هەبووە لەپەروەردەکردنی خەڵك و گردکردنەوەیان لەدەوری گوتارێکی ئایدۆلۆژی دا.**

**لەسەر ئەم تایپە چیرۆکی کوردیش هەوڵی داوە ئەو رۆڵە ببێنێت ئیدی تاچەندە سەرکەوتوبووە ئەوەیان بابەتێکە کە دەبێت لێکۆڵەرەکانی چیرۆك لێی بدوێن نەك ئێمە..لەراستیشدا چیرۆکی کوردی بەتایبەتی و ئەدەبی کوردی بەگشتی خاوەن قەیران و کێشەی خۆی بووە لەبەروو هەمووشیانەوەچیرۆکی ئێمە ئەو قۆناغە ریزپەر دەکات کە چیرۆکی فەرەنسی یان ئینگلیزی پێیدا تیپەر دەبێت.**

**هەتا سەرەتای شەستەکان چیرۆکی کوردی لەحیکایەت بەئاسانی جیاناکرێتەوە ،لەحەفتاکاندا سێیانەی(موپاسانی) پەیرەو دەکات کە( سەرەتا ، گرێچنی ، کۆتای ) یە لەهەفتاکان بەرەوژور جۆری گێرانەوە ،دیالۆگی شانۆییانە، زمانی گێرانەوە و هەتا دەگات بە پاڵەوان جۆرێك لەگۆرانکاری بەسەردێت.**

**لەسەرتای هەشتاکاندا قۆناغێکی تری چیرۆك لەسەردەستی شێرزاد حەسەن دێتە کایەوە کە کاریگەرە بە چیرۆکی خۆرئاوایی یان باشتر بڵێین بە فکری خۆرئاوای نوێ لەبەر ئەوەی خودی شێرزاد ئینگلیزی زانێکی باشە و ڕۆژانی نوسینی ئەو قۆناغە ڕۆژانی لێڵ و تاڵ و شەڕ و ئاشوبە کە ئەمەش مۆنتێڤێکی تری دروست بوونی ئەو قۆناغیە کە کۆمەڵگای کوردی لە نێوان پێشکەوتنی نوێ و دەست بەردار بوونی کلتوری گوند دا توشی شۆکێکی خیرا دەبێت ، نابێت لە یادمان بچێت ساڵانی هەشتا ساڵانی ڕوخاندن و کاولکردنی لادێکان ودروست کردنی ( شار ) ە ،**

کەهەر بۆخۆی لە ڕووی سۆسیۆلۆژیەوە ئەو ژینگە گۆڕینەی خەڵك بە وخێراییە لەبەردەم کۆمەڵێك قەیراندا رایان دەوەستێنێ کە جودایە لە قەیرانەکانی دوێنێی بۆیە پیویێستی بە زمانێکی جودایە لە زمانەکەی دوێنێ کە لە گرفتێکی نوێی پێ بدوێ کە جارێکی تر جیاوازە لە قەیرانەکانی پێشووی ، ئەمانە وا دەکات چیرۆك بە ئاگا یان نائاگا وەکو حەتمیەتێکی سۆسیولۆژی ئۆتۆماتیکیەن گۆڕانی بەسەر خۆیدابێنێت . لە( گوڵی ڕەش)ی شێرزاد حەسە ن دا پاڵەوان تێك دەشکێت هەزار جار وورد و خاش دەبێت کە ئەمە تاڕادەی شۆڕش گۆڕانێکی رادیکاڵە لەگەڵ چیرۆکی بەر لەخۆی کە پاڵەوان وێنەیەکی خودایی بەخۆی دەدات و ئەم وێنەیە بەردەوام دەبێت تا چیرۆکنوس لە دوا دێری چیرۆکەکە یدا اعلانی فکرەی خۆی دەکات کە ئەو ڕۆژانە یان ڕازو ڕەمز و خەونی ئازادی بووە یانیش گرێیەکی عاتفی سادە .

لە نەوەدەکاندا ئەگەر نەڵێن هەمووی ئەوا بەشێکی زۆری ستانداردەکانی چیرۆك کە تا ئەو دەمە ئێمە ناسیومانە و چیرۆك نوسەکان ئێمەیان لەسەر ڕاهێناوە تێك دەشکێ ئەمەش جارێکی تر بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرا و گەورەیەی لەو دەیەیەدا ڕوو دەدەن لەسەر ئاستی تەکنیکی و زانستی، کەم و زۆریش ئەو گۆڕنە سیاسیەی جڤاتی کوردی کە دەڤەری ئێمە دەگرێتەوە. ئەدەبیاتی گەلان خێراتر و زووتر دەگات پێمان بەهۆی کرانەوە و سەفەرە وە و بەرهەمە نوێیەکانی وەکو ڕۆمان و چیرۆك و شعر بەهۆی هاتنە کایەی وەرگێڕێکی زۆرەوە دەخوێنینەوە ئەدەبیاتی خۆمان بەراوودر دەکەین ، پرسیار زۆر دەبێت .... ستایڵە نوێکانی نوسین خۆیان دەکەن بەناو نوسیی کوردیدا میتۆدی ڕەخنەی نوێ دەبێتە سەرچاوەی خوێندنەوەکانی ڕەخنە گر هەر خودی زمانی ئاخافتنمان دەگۆڕێ لێرەوەیە ئەوەی دەبێت ڕوو بدات ڕوو دەدات و نوسێنی ئێمە لە ڕووی فۆڕم و مانا و زمانەوە بە تەواوی خۆی دەگۆڕێ ، لەو نێوەندەدا چیرۆك هەڵی نوێبوونەوەی دەست دەکەوێت کەهەر سیفەتەن چیرۆك بەدوای پەنجەرەیەکدا دەگەڕێت تا لێوەیەوە زووتر لە هەر ژانرێکی تر شتی خۆی بگێڕێتەوە ، ڕەنگە چیرۆك وەکو کچێکی عەیار حەز بکات هەرچی زووترە لەبەرگ و فۆڕمی نوێی مۆدێل ئاگادار بێت .....!

کاروان عومەر کاکە سور لە چیرۆکی ( پێداچوونەوەی چیرۆکێکی کۆن ) وەکو چیرۆکنوسی دەیەی نەوەدەکان " لەدەرکەوتندا " جیهانێك دەخولقێنێت کە پێویستی بە لەسەر وەستان ووورد بوونەوەیە ، جیهانی ئەم چیرۆکە جیهانی نیمچە واقع ونیمچە فانتازی ساڵانی یەکەمی حەفتاکان بۆ ساڵانی نیوەی دووەمی نەوەدەکانە . لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێك ووشەی واقع لەسەر ئەم چیرۆك نوسە دەنوسێت پێویستی بە زاتێکی تایبەتە چونکە خوێنەر نازانێت هەر لەڕاستیدا پیاوێك هەیە بەم ناوەوە و یان ئەویش فەنتازیاییەکی ناو چیرۆکێکی خۆیەتی ! هەرچۆنێك بێت خەیاڵی ئەم نوسەرە خەیاڵێکی فراوان و قژقژ و درێژە کە بەتەنیشت زمانە ئەفسوناوییەکەیەوە ڕووداوەکان وا لێ دەکەن مرۆڤ سەری بەرز بکاتەوە بڵێت تۆ بڵێیت من لەو دونیایەدا بژیم کە ئەو نوسەرە

گێڕانەوەی تێدا دەکات ؟ ئەم چیرۆك نوسە شاعیرانە هەمیشە بیرمان دەخاتەوە و پێمان دەڵێت کەمێك هێمن تر ڕابورە با هەچی زۆر ترە هەست بە جوانی دەوروبەرت بکەیت .

## گێڕانەوە:

قورسای تێدانیە ئەگەر بڵێین لەم چیرۆکەدا بەمەبەست و بێمەبەست گێڕانەوە گێڕانەوەیەکی سادەنیە خوێنەر بەیەکجار خویندنەوە بزانێت کەچیرۆکەکە لەدەمی کێوە دەبیستێت ،ئەمە خۆی تایبت مەندیەکی چیرۆکی کاروان کاکە سورە کەدەیەوێت هەرچی زۆرترە ئو پەیوەندییەی خوێنەر و تێکست چڕبکاتەوە بۆ ئەمەش پشت بەگێڕانەوەهایەکی تێکەڵ دەبەستێت کەزۆرجار چیرۆکەکە لەدەمی کاراکتەرێکەوە دەبیستین کەخۆی دژی یان هەواداری روداوەکانە و دواجاریش بەشێوەیەکی سیستماتیکی هەموو گێڕانەوەکان خزمەت بەکۆی فکرەکە دەکەن کە گەیاندنی چیرۆکەکەیە بەویدی کە خوێنەرە .

لەم چیرۆکەدا حیکایەتخوانی گەورە یان ئەوەی پێیدەڵێن "بگێڕی هەموو شت زان" ئامادەیی هەیە لەسەرەتاوە تا بەردەرگای روداوەکان و لەوێ جێمان دەهێڵێت و چیرۆکەکە دەداتە دەست کاراکتەرەکان، خۆ ئەگەر لەشوێنێك کاراکتەر حەقی تەواوی نەدایە چیرۆکەکە یان زمانی کاراکتەر لەئاستی روداو شتەکاندا زمانێکی لاواز بوو ئەوا حیکایەتخوانی گەورە چیرۆکەکە وەردەگرێتەوەو لەگێڕانەوە بەردەوام دەبێت .

هەرچەندە وەکو تارماییەك ئەم حیکایەتخوانە تا کۆتایی ئامادەییەکی ناڕاستەوخۆی هەیە بەڵام مرۆۋ دەتوانێت بڵێت بەشێوەیەکی گشتی خوێنەر چیرۆکەکە لەخودی کاراکتەرەکان وەردەگرێت تا لە حیکایەتخوانی گەورە .

ئێمە لەناو ئەم چیرۆکەدا دووچیرۆك دەخوێنینەوە چیرۆکێکیان (ساسە) لە تەمەنی ١٨ساڵیدا نوسیوێتی باس لەدابەزینی کچێك دەکات لەگەراجێکدا لەرۆژێکە ساردا ئەم چیرۆکەی ناوناوە "گەراجی بەستەڵەك"،وە چیرۆکی دووەم چیرۆکی ژیانی ساسە خۆیەتی کەزۆر نزیکە لەو چیرۆکەی نوسیوێتی ئەگەر بەهۆی دیاریکردنی کەشوهەواوە نەبێت کە لەیەکیانا زۆر گەرم و لەوی تریانا زۆر ساردە ئەوە نازانین کە یەکەمیان چیرۆکی ژیانی ساسەیەو دووەمیان ئەو چیرۆکەیە کە ساسە نوسیوێتی ،بە شێوەیەکی گشتیش ساسە لەهەردوو چیرۆکەکەدا راوییە.

لەدووەم لاپەرەی سەرەتای چیرۆکەکەدا چیرۆکنوس بەکەسی دووەمی تاك دەستپێدەکات "لەپڕ وەستایت ..جانتاکەت لەنێوان هەردوو قاچی روتت دانا..." هەر لەو پەرەگرافەدا گێڕانەوە بەشێوەی *(Mix)* دەگواسرێتەوە لەکەسی دووەمی تاکەوە بۆ کەسی سێیەمی تاك واتە هاوشوێن گێڕانەوەیەکی تر تێکەڵ دەبێت " بەفری چلەی زستانی ئەم شارە دێرینە وردە وردە قژی و پاڵتۆ ڕەشەکەی وەکو سەرجەم شتەکانی ئەو دەوروبەرە دادەپۆشێت " کە ئەمەیان گێڕانەوەی

ســـــاسەیە .دواتر دوای ئەو ئاوێزان و یەکدی باوەشکردنەی سامالْ و دڵشاد پاش ئەوەی لەڕێی گێڕانەوەو یادخستنەوەی بەکەسی دوەمی تاك ئەو وێنەیە دێنێتە پێشچاومان خۆشی لەو دیمەنە رۆمانسیەدا بەشدار دەبێت و بەساسە دەڵێت " هەندێ خۆت دانەوێنە و بەئەسپایی ڕوومەتت بخەرە سەر شانی ، با قژت دەموچاوی داپۆشێت ".

حیکایەتخوانی گەورە مبکانیزمی ئاگایی خۆی نادرکێنێ ئەو بە ئێمەنالێت ئەم هەموو وردەکارییە چۆن دەزانێت ،بەڵام دەستی بەدەستی کاراکتەرەکانیەوەیەو لەڕێنماییان بەردەوامە "ئێستا دەگەیتە سەر شەقامەکە ..لەوێ بەدەستی چەپدا پێچکەوە .. دەزانم ئاسان نییە دوای بیست و حەوت سالْ هیچ شوێنێك بناسیتەوە ، بۆیە خۆم هەنگاو بە هەنگاو ڕێنمایت دەکەم " .

حیکایەتخوانی گەورە پەیوەندیەکی توندو تۆلْ و خێزانی لەگەلْ کاراکتەرەکان هەیە تا دەگات بەوەی لەهەندێك شوێندا سەرکۆنەی کاراکتەرێك دەکات " ڕەنگە ئەمە پاساو هێنانەوەبێت بۆکزبوونی یادەوەیت ،یان بۆ بێتوانایت لەناسینەوەی جێگادا .. هەرئاوا بویت ..هەرگیز بەئاسانی ڕێگاکانت نەدەدوزیەوە " ،

لەراستیدا ئەگەر خوێنەر دادوەری لەم کێشەیەدا بکات ئەوا حەق ناداتە حیکایەتخوان چونکە خوێنەر دواتر بۆی روون دەبێتەوە کە پاڵەوانەکەی ئێمە نە یادەوەری کزەو نە بێتوانەشە لەناسینەوەی جێگاشدا ،بەپێچەوانەوە ئێمە بەهۆی یادەوەری ئەوەوە کۆمەڵێك سەرەداوی گرنگی چیرۆکەکەمان چنگ دەکەوێت ، بەڵام کێشەی گەورەی پاڵەوانی ئێمە لەم چیرۆکەدا بەشی کۆتایی قسەکانی حیکایەتخوانە (نەدۆزینەوەی ڕێگاکانە) دواجار ئەمەش وادەکات چیرۆکەکە تانوپۆی خۆی بنەخشێنێ و شتێك لەهەناوی خۆیدا گەورەبکات کە ناوی دەنێین کۆدی چیرۆکەکە .

لە ونێوەندەدا وێنە گواستنەوە بەشێوەی ( *cut* ) دەگوازرێتەوە بۆ لای کارەکتەرێکیتر کە پێشتر بە کەسی سێیەمی تاك ( ئەو ) قسەمان لە بارەیەوە کرد کە لەکاتی جیاواز و شوێنی هەمان شوێنی ئێستای چیرۆکەکەیە " دەور و بەرەمەش هەر وەکو ئەوسا ماوەتەوە .. تا ئێستاش لەوێ بەفر دەبارێت " ئەم ڕستەیە ڕستەیەکی ڕابردووی بەردەوامە ئەم بەفر بارینە هەمان شوێنی خۆرەتاوە کەلە کاتێکی تردا کارەکتەرێکمان تێدا دەژیا ، چیرۆکنوس یارییەکی خێرا و ئاڵۆز بە شوێن کاتی ئەم چیرۆکە دەکات .

حیکاتخوانی گەورە لە هەندێك شوێن خۆی یاسایەك دادەنێت و دواتر لە شوێنێکی دوور تر هەر خۆی کارەکتەرەکان ناچار و مەحکوم بەوە دەکات ئەو یاسایە قبولْ بکەن وەکو لە دایالۆگی نێوان ( د. یاسەمین ئاکرەیی ) و سامالْدا دەڵێت " وەکو من بیزانم مەسەلەکە لە سایکۆلۆژیادا وا لێك دەدرێتەوە کە کچان لە زەت لە گەرمای هاوین و کوڕان لە سەرمای زستانی دەبینن " دواتر لە باس و ناساندنی کەسێتی دڵشاد دا لەسەر زمانی سامالەوە دەڵێت " ڕقی دنیایی لە گەرما بوو .. زستانی لە ڕادەبەدەر خۆش دەویست " ئەو لە کاتێکدا پێشتر و لە باسی ڕۆشتنی سامالْ بەسەر

قیره گەرمەکەدا دەڵێت چەند نەشئەت لەو گەرمییە وەردەگرت . ئەمە ئەگەر بەدیوێکدا دروست کردنی هارمۆنیەتێك بێت لە تێکستەکەدا ئەوە بە دیوێکی تردا کۆنترۆڵ کردنی هزری کارەکتەرەکان و کوشتنی هەر بیرکردنەوەیەکە جیا لە بیر کردنەوەی نوسەر ! چ دەبوو سامالْ بەو هەموو شازییەیەوە مەیلی لەسەرماش بکردبایە ، ئیا نەدەبوو کاتێك بەسەر ئەو قیرە داخەدا دەڕۆیشا بیر لە بەفر بکاتەوە تا ڕادەی لە گۆ کەوتن و تەزین ؟ ! .

نزیك بە ناوەڕاستنی چیرۆکەکە لەسە ئاستی گێڕنەوە گۆڕانێك ڕوو دەدات و کارەکتەری سەرەکی سامالْ وەکو ئەوەی کاتی خۆی هاتبێت دەست بە گێڕانەوە دەکات " ڕۆژی واهەیە چوار ووشەم لەگەڵدا ناڵێت .. هەر بە ( سامالْ ) بانگم دەکات و پێم ناڵێت ( ساسە ) .. هەست دەکەم بەلاوەی ناوم " . ئەم گێڕەرەوەمان کە سامالە ڕووداوەکان بە ئامانەتیەوە دەگێڕێتەوە ئەو ئەگەر پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکەیە و ئێمە و ژیانی ئەو دەخوێنینەوە کەچی هێشتا هێندە ڕێز بۆ خوێنەرەکەی دادەنێ و ووشیاری ئەوە هەیە لە ڕووداوی حەمامەکەدا پێی وایە ڕەنگە هەستە سێکسیەکەی ڕاستیەکانیان لێ شێواندبێت و ڕاستی ڕووداوەکە لە واقعدا وا نەبێت بۆیە دەڵێت " کاتێ هاتە دەرەوە و بە قژی تەڕەوە بۆ ژوورەوە چوو ، نەم وویست لێی بڕوانم .. بۆنی ( سابونی جەمال ) و شامپۆی لوتیان کزاندمەوە .. حەمامەکە هالاْوی لێ هەڵدەستا .. ڕەنگە هەر لەبەر چاوی منیش وابووبێت " .

ئەم گەمەی لەیەکدی وەرگرتنە لەنێوان گێڕەرەوەکانی ئەم چیرۆکەدا بەردەوام دەبێت و جێگایەك حیکایەتخوانی گەورە وەکو پێزانینن و هەستکردن بە بوونی خوێنەرێکی بەتاس و تامەزرۆ دێت ڕاوێژێك بەخوێنەرەکانی دەکات ،لەسەر داڕشتنی زمانەوانی لەدێڕێکدا دەیەوێت ڕای خوێنەر وەربگرێت "ئەرێ بۆ لەجیاتی هەردوو وشەی (سورسور) تەنها وشەی (تۆخ) بەکار نەهێنین ...؟! یاخود بۆچی نەڵێین برینەکان قوڵتر دەبن ،چونکە لەوتاریکیەدا ئاسان نییە ڕەنگەکان ببینی ،تابتوانی لەیەکدیان جیابکەیتەوە ".

تەنافی رەق و ئەستور و وێکچواندنی بەکلکی تیمساح و سیفەتی گەرمی و گرتن و ختوکەدان ئەمانە بەلای ئێمەوە پیویست ناکات وەکو کۆدێکی عاسی سەیربکرێت زیاتر لەوەی کەهەموویان ئاماژەن بۆ ئەندامی نێرینەی پیاو ،وەخۆفریدانە خوارەوە کەی سامالْ لەسەربانەوە بۆخوارەوە و بۆ لای باوکی و روتکردنەوەیشی بە پێی ڕاڤەکردنەکانی فرۆید بۆ خەون ئەم حاڵەتە جگە لەگرێی ئەلکترا کەمەیلی سێکسی کچە بۆ باوکی هیچی دیکە نییە ، کاتێك ئەمەمان زیاتر بۆ پشتڕاست دەبێتەوە کە ساسە بەروتی دوای باوکی دەکەوێت و دایکی قژی دەڕنێتەوە و دەڵێت بگەڕێوە ساسە ئەگینا خۆم دەکوژم .

بەڵام مەسەلەی خۆ هەڵدانە خوارەوەی ساسە لە سەربانەوە بۆ خوارەوە فرۆید پێی وایە حاڵەتی لەم شێوەیە لەلای ئافرەت جگە لەوەی لەروی ئیقاعەوە لە ئیقاع و تەکنیکی سێکس دەچێت

لــەســەرەوە ←——— بۆ خوارەوە ئاماژەیەکی نادیاریشە بۆ لە خشتەبردنی سێکسی کە دواجار ئێمە خۆمان لەچیرۆکەکەدا پێیدەگەین وە ختێك دەبینین ساسە لەلایەن فەرمان بەرەکانەوە دەست درێژی سێکسی دەکرێتە سەر .دروستکردنی ئەم خەونە لەبەرایدا ئاماژە نەستیەکانی نوسەرە بۆ ئەوەی بڵێت ئەم پاڵەوانە کچێکی دەستدرێژی لێکراوە .

مرۆڤ لە دیالۆگی نێوان دڵشاد و ساماڵەوە و لەو کاتەدا کەدڵشاد باسی چیرۆکەکانی ساماڵ دەکات تێدەگات کەپاڵەوانی سەرەکی چیرۆکەکە ی ئێمە(ساسە) کچێکی تەنیاو ئازادو یاخیو عەبەسیویە ئەوەتا دڵشاد پێی دەڵێت " هاتویت باسی بۆق و مارو نازانم چیو چیمان بۆدەکەیت ، بۆئەوەی پیشانمان بدەیت .کەمرۆڤیش وەکو ئەوانە " وێکچواندنی مرۆڤ بە بۆق و مارو مێرو سیمبولی هزۆێکە کە ژیان دەخاتەوە سەر پوچێتی ،ئەمانەش جارێکیتر بەڵگەی ئەو مەعریفەو هوشیاریە فەلسەفییە کە لەلای (ساسە) هەیە و چیرۆکنووس لەبەرامبەر فکرێکی هیومانیو ئیرادەگەری وەکو فکری مارکسی دایناوە .ئەگەر خوێنەر یادەوەری ئەوەی هەبێت کە ساڵانی ئەم چیرۆکە ساڵانی گەشونماو کەفوکوڵی ئەم ئایدیایە بوو لە کوردستان.

هەندێك جار وێنەی سینەمای دێتە ناو گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە کە تەکنیکێکی تازەیەك نوێی چیرۆکی کوردییە ،بەهۆی ئەم گرتانەوە خوێنەر دەکارێت زووتر بچێتە ناو چیرۆکەکەو وەکو لەم نمونەیەی خوارەوەدا دەبینرێت هەست دەکرێت ئەم گرتەیە بە کامێرا و لە گۆشەی ڕاستی کاراکتەرەکان لەزەویەوە بۆ سەرەوە گیراوە ،کە کامێرا دەیەوێت بڵێت لەباکگراوندی وێنەی مەبەست وێنەیەکی دی هەیە تۆ دەتوانیت چاوتی لەسەلر بگریتەوە کە وێنەیەکی کۆنی هاوسەرێتی ساڵی پەنجاکانی دایك و باوکی دڵشادە "خۆی هێمن نیشاندا کاسەکەی تا ئاستی وێنەی دایك و باوکی بەرزکردەوە ،کەبەقەدی دیوارەوە هەڵواسرابوو ،هاودەم بەئاماژەی دەموچاو تێیگەیاندم منیش وابکەم ..لێوی کاسەکانمان لەیەك دا ".

دواهەمین گێڕانەوە لەم چیرۆکەدا (سەنیەخان) دەیگێڕێتەوە ،کەمن وامەزەندە دەکەم خودی حیکایەتخوانی گەورە هەر (سەنیەخان) بێت و ئێمە لەسەرەتاوە چیرۆکەکە لەدەمی ئەوەوە ببیستین تا گێڕانەوەکانی ساماڵ هەم لەرووداوەکانی خۆیو هەمیش لەو چیرۆکەی کە لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا نوسیویێتی بەناوە (گەراجی بەستەڵەك) ئەوە ئەو چیرۆکەیە یەکەم نیوەدێڕی چیرۆکەکەی ئێمەی پێ دەستپێدەکات "لەگەراج دابەزی ........." لەم چیرۆکەدا گێڕانەوە لەهەندێك شوێن حاڵەتێك دروستدەکات لەموزیك دا بە (کۆنتراپۆینت) ناوزەند دەکرێت واتە چەندگێڕانەوە یەك بەخەلفی یاریدەی گێڕانەوە سەرەکییە کە دەدات بەم شێوە قژقژو تەڤلە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە بەستاتیکایەکی بەرزو لەسێکچێکی پڕ ڕوداودا کۆتای دێت !.

# زمان

ئیستا ئەدەب پرسیاری تەقلیدی و ویرانی بۆ نوسینی بەلاوە ناوە و ئیش لەسەر پرسیاری چۆن نوسین دەکات ،کەزمانیش رەگەزێکی گەورە و گرنگی ئەو چۆنێتییە کە رەخنەگری ئەدەبی لەسەری رادەوەستێت .گرنگی زمان لەپرۆسەی نوسیندا دەگاتە ئەو رادەیەی هەندێ فەیلەسوفی بونگەرایی لایان وایە کاتێك شتێك دەنوسرێت ووشەکان دەلالەت لەشتەکان ناکەن بەڵکو ووشەکان خویان بوونی شتەکان دەخولقێنن واتە لەگەڵ نوسیندا شتەکان دێنە بوون ،نامەوێت بگەرێینەوە بۆ ئەو سەرەتا میسۆلۆژییەی کە پێیوایە سەرەتا تەنها ووشەکان بوون بەڵام ناتوانین باز بەسەر ئەو فەلسەفە وکتێبخانە گەورانەدا بدەین کە باس لەماهییەت و گرنگی زمان دەکەن .

زمانی نوسینی ئەدەبی لەلای ئێمە لەهەشتاکانەوە بەپرۆسەی خۆنوژەنکردنەوە دا تێدەپەرێ و تائێستاش بەردەوامە ،زمانی ئەم چیرۆکنوسە (کاروان عومەر کاکەسور) زمانێکی ئەفسوناوی و عەجیبە خوێنەر هەناسە سوار دەکات ،ئەو شیعریەتی نوسین لەیاد ناکات و هەندێ جار مرۆڤ هەست دەکات تێکستێکی شیعری دەخوێنێتەوە ...ئەو لەرێی وێنەکانیەوە روداوەهایەك دەگێرێتەوە کە خۆی لای وایە هەر وەزیفەی زمان ئەو وێنانەیە" لەنوسیندا شتێك نیە بەناوی زمان بەڵکە شتێك هەیە بەناوی وێنە ،بۆیە زمانی رۆشەن واتە وێنەیەکی ساکار . ئەو وێنەیەی لە هەموو کات وشوێنێکدا دەتوانین زۆر بو ئاسانی بیهێنینە بەر چاومان "چیرۆکنوس بەوریایەوە مامەڵە لەگەڵ زمانی ئەم چیرۆکەدا دەکات و وەکوخۆی دەڵێت بەوێنەی ساکار دەنوسێت نەك بە زمانی ساکار ،هەرخۆشی لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری (تێکست )دا هەندێ لەچیرۆکنوسەکان بەوە تاوانبار دەکات کەخوێنەریان لەسەر زمان و فۆرمی سادە راهێناوە .

کاروان لەرۆمان و چیرۆکەکانیشیدا هەمیشە پنتێك بۆ خوێنەر جێدەهێڵێت تەنانەت لەرۆمانی (مامـــزیــر)دا کەرۆمانێکی بڵاونەکراوەیەتی دیالۆگێکی نێوان دوو کاراکتەر بەخاڵ جێدەهێڵێت و لێدەگەرێت خوێنەر خۆی ئەو دیالۆگە تەواو بکات ،هەروەکە لەم چیرۆکەش دا هەمووشتێك دەربارەی کاراکتەراکان نادرکێنرێت چونکە ئەو دەزانێت کەئەوە ئیشی خوێنەرە وەکو پارچەیەکی تر لە تێکست ،ئەوەتا چیرۆکنوس هیچمان دەربارەی چارەنوسی (دڵشاد) پێناڵێت لەرێی هەندێك ئاماژەوە نەبێت وەکو قەڵادۆشکانکردنی ساسە لەلایەن دڵشادەوە و ترسی ساسە لەپەرینی سەری بەپانکەکە و قسەنەکردنی ساسەو دانبەخۆداگرتنی بۆ ئەوەی دڵشاد هیچی بیرنەکەوێتەوە "دەتەوێت بەدەنگێکی تێکەڵ لەترس و نازی کچانەوە بڵێیت کورە دامگرە هەتیو ..خەریکە باڵەکانی ئەو پانکەیە سەرم دەپەرێنێت ،بەڵام خێرا فریای زمانت دەکەویت "...پێویس ناکات باسی ئەو پانکەیە بکەیت و بڵێیت خەریکە باڵە تیژەکانی سەرت دەپەرێنێت " چیرۆکنوس ئەم ئاماژانە دەدات بۆ ئەوەی خوێنەر بیربکاتەوە لەوەی ئەگەر ساسە

باسی سەر پەڕین بکات دڵشاد دایك و باوکی بیردەکەوێتەوە کەبەهۆی تێوەگلانیان لەسیاسەتەوە ڕۆژانێکی بەر لەئێستا سەریان پەڕێنراوە.
لەڕێگەی ئەم پەرەگرافەی خوارەوە نمونەیەك لەو شێوە گواستنەوەیە دەهێنینەوە کە زمان کارای تێدا دەنوێنێت "تایە پلاستیکیەکان جارجار لەقیرەکە گیردەبن .. بۆت راناکێشرێت .. هەڵیدەگریت .. وەکو منداڵ دەیکەیتە باوەشتەوە .. بە بێویست دەیگوشیت بەخۆتەوە ..ئەویش توند تر دەتگوشێت...." گوشینی یەکەم گوشینی جانتاکەی ساسەیە بەخۆیەوە ،بەڵام گوشینی دووەم گوشینی ساسەیە لەلایەن دڵشادەوەو وێنە پۆرونۆگرافییەکە دەستپێدەکات ،ئەم یاری کردنە بەچاوگی (گوشین) کلیلێکی باشی دەرگای پەرەگرافی دواترە کەئەگەر وانەبێت رەنگە لای خوێنەر گواستنەوەی ئەم دوو وێنەیە بەشێوەی (CUT ) کەمێك زبر بێت.
هەندیکجاری کەمیش چەند وشەیەکی دژبەیەك لەڕستەیەکدا کۆدەبنەوە کەدوا جار لەیەکەی مانا دەدەن ودەیشوێنن وەك ئەم دێڕەی خوارەو "جوانترین دیمەن لای من ئەوەیە ،کاتێ یەکێکیان بەسوکی و زۆر لەپڕ شەپازلەیەك بەپشتی مانگای بەردەمیدا دەکێشن " دیارە هەردوو وشەی (بەسوکی و لەپڕ) بەیەکەوەو دوابەدوای یەك و لەرستەیەکدا نایەنو ئەگەر هاتن ئەوا رێسای رێزمانی تێك دەشکێنن چونکە هەریەکێك لەو دوو وشەیە بۆ وەسفی حاڵەتێك بەکاردێن کەپێچەوانەی یەکترن ،کاتێك وتمان (سوك) واتە هێواش کەوتمان هێواشە واتە خێرانیە کە خێرانەبوو (لەپڕ) نیە ،چونکە پڕ کارێکە لەناکاو و لە روی کاتەوە لە خێرایدا دەکرێت . بەکارهێنانی ئەم دوو وشە دژ بەیەکە لەم رستەیەدا پارادۆکسێك دروست دەکەن . ئەم هەڵانە هەندێکجار دەپەڕنە ناو کۆی فکرەکەو لەوێشەوە بۆ گێڕانەوە وەکو پرسی خواردنەوەی دڵشاد کەساسە دەیگێڕێتەوە "ئەو بەردەوام ویسکی و شەمپانیای دەخواردەوە" لەکاتێکا خوێنەر دەزانێت لەم کاتەدا دڵشاد خوێنکارەو لای سەنیەخانی پوری دەژی کە ژنێکی هەژارە و خۆی کاردەکات و تەنانەت لە جێگایکدا ساسە ئاماژە بەوە دەکات کەسەنیەخان لەخەڵکی تریش هەرزانتر قژی کچان دەبڕێت .خواردنەوەی دڵشاد بەردەوام و شەوانە لەوماڵەدا بەتایبەتیش جۆرێکی گرانبەها ی وەکو ویسکی و شەمپانیا جۆرێك لە خەوش دەخاتە چیرۆکەکەوە ،هەر لەدوای ئەوەوە دڵشاد دەڵێت " من تێناگەم چۆن کتێب بەبێ خوردنەوە دەخوێنرێتەوە" ئەم ڕستەیە ئەگەر ساماڵ بیگوتبایە رەنگە باشتر بوایە چونکە کچێکی خەیاڵیە و شاعیرانە دەژی ، بەڵام دڵشاد لەم چیرۆکەدا نوێنەر ئایدیای کۆمۆنیزمە و مرۆڤێکی واقیعیە و ئەوەتا لە جێگەیەکدا بە ساسە دەڵێت تۆ نابێت لەچیرۆکەکانتدا بڵێت( روودەدات ) دەبێت بڵێیت ( من دەیکەم ) بۆکەسێکی وا و لە سیاقێکی وادا دروست نیە کتێب بەبێ خواردنەوە نەخوێنێتەوە . لەراستیدا من لەو کەسانە نیم حەزبکەم بە (پۆلیسی ئەدەب) ناوزەند بکرێم و دەستم هەبێت

لەمحاسەبەکردنی کاراکتەری ناو چیرۆکێك ، بەڵام خۆ دەکرێت چیرۆکنوس کەمێك بەئاگاییەوە مامەڵە لەکەلَ هێڵی لۆژیکیی چیرۆکەکەدا بکات.
نامەوێت لەمەزیاتر بابەتەمە درێژ بکەمەوە چونکە دواجار ئەمە هێندەی خوێندنەوەیەکی خێراو سەرپێی ئێمەیە بۆ ئەم چیرۆکە هێندە شرۆفەکردن و ورد بوونەوەیەکی میتۆدی نییە.